# شەهید مامۆستا کۆچەر

# {ناسیح حەمەدەمین قادر}

## 1985 ـــ 1949



فەهەد گردوانی

شیوعیەت لە مردن بەهێز ترە ، لە سێدارە بڵند ترە...تێکۆشانی شیوعییەکان بۆ رزگارکردنی چینی کرێکار و چەوساوە و جوتیاران و جێبەجێ کردنی ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتیەکان و یەکسانی مرۆڤ،هەمیشە رێبازی راستەقینەی ئەو شەهیدانە بوون کە خوێنیان تێکەڵاوی ئەو خاکە پیرۆزە کردووە ، کە لە پێناویدا هەوڵیان داوە و گیانیان بەخت کردووە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان ...حیزب بە خوێنی ئەو شەهیدانە توانی مۆمی 72 ساڵەی خۆی دابگیرسێنی...ئەگەر ئەو شەهیدانە نەبوانایە ،حیزب چ مانایەکی دەبوو...حیزب چی بوو...؟؟؟

ئەوا یادی بیستویەک ساڵەی شەهیدە...گەورەیی و ئازایەتی و چاونەترسی ئەو مرۆڤە ، رەوشت و کردار و ئاکاری راستەقینەی کوردە کە لە گیانی ئەو شەهیدە چاندرابوو... دوو هاورێ...دوو مامۆستا [تاهیر کەریم]بوو بە {رەوەند} و [ناسیح حەمەدەمین قادر]بوو بە {کۆچەر}...هەردووکیان پشتیان لە شار کرد و خۆیان لە شاخ دۆزیەوە...خەم و ژانی پیرە هەولێریان بەکۆڵ هەڵگرت و لەگەڵ هاورێ یان کەوتنە تێکۆشانی شەڕی پارتیزانی ، کە ئەوکاتە چەکی پێشمەرگایەتی چەکی شەرەف و پاراستنی مافی میللەت بووە... هەر بۆیە ئەو دوو مامۆستایە ئەو دوو نازناوانەیان هەڵبژارد...ئەوەی یەکەم ئەمرۆ وا لە هەولێری شیرین ژیانی سیاسی رۆژانەی بەرێ دەکات و لە تێکۆشاندا بەردەوامە ، کەچی ئەوەی دووەم لە بەهەشتی شەهیدانی ئازادیخواز و مرۆڤایەتی ژیان بەرێ دەکات و لە دڵ و دەروونی هاورێ یانی بە تایبەتی و میللەتدا بە گشتی دەژی...لەگەڵ ئەو پاڵەوانە لە دوو لایەنەوە یادگاریم گەلێک زۆرە ، یەکیان تێکۆشانمان شان بەشانی یەکتر لە ریزی حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق و ئەوەی تریش برادەرایەتی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی مان...لە هەردوو بارەوە یادگارییەکان بەشی ئەوە دەکەن کە دەکرێ بە دەیان لاپەڕە و نامیلکە رەشبکرێتەوە و دەرباری ئەو رۆژگارانە بنووسرێتەوە کە رەنگە بۆ ئەو گەنجانە سوود بەخش بێت ئەگەر بێت و مێژوو وەکو خۆی بخوێندرێتەوە... ئەو تێکۆشەرە شەهید بوونی گەواهی یە بۆ گەورەیی و دڵسۆزی بۆ خاک و گەل و حیزب ...ئەوەندە دەڵێم هەتا کورد وەکو میللەت مابێت ئەوا ناوی مامۆستا ناسیح{کۆچەر} هەر دەمینێ ...کۆچە ئەبەدی یەکەی بۆ ئێمەی دۆست و هاورێ و برادەرانی هەردەم لەدڵ و دەرووندایە و لەکاتی یەکتر بینیندا لەگەلماندا ئامادایە و بە گەورەیی باسی ئەو یادگاریانە دەکەین کە هەریەکە بە جۆرێک تێدا بەشدار بووە... ، جا چۆن قەناعەت بە خۆمان بکەین کە ئەو زادە لەگەڵماندا ناژیت و هەردەم شوێنی تایبەتی خۆی کردۆتەوە...لەباری حیزبایەتیەکەی ئەو کادیر و منیش ئەندام ماوەیەک کارم لەگەڵی کرد و پاشان وەکو لێپرسراوی هێڵی قوتابیان ،کە تێکۆشەرێکی ماندوونەناس بوو کارم لەگەڵی کرد...شوێنی خۆی لە دڵی دایکم و خوشکەکانم کردبۆ وە ... دیارە باوەڕی بە ماڵەکەی ئێمە و بە خوشکانم هەبووە بۆیە لەکاتی هاتنە ناو شاری هەولێر و کارکردنی حیزبی بە دزی یەوە دەچووە ماڵەکەمان و لەوێش کەسانی تری دەبینی ، بڵاوکراوەی دەدا بە سامیا و وەهبیەی خوشکم بۆ ئەوەی بۆی بگوازنەوە شوێنی تایبەتی ...دایکم گلەیی ئەوەی لێدەکرد هەر کە دەڕۆیشت گلۆپی بەردەرگای ماڵەکەی دەبرد بۆ ئەوەی تاریکایی دابێت و خۆی لەبەرچاوی جاش و سەرباز و سیخور بپارێزی... هەر ئەو شەهیدە ئازایە هەندێک لە پەرتووکەکانم بەر لە وەی ئاگریان تێبەربدرێت لەگەڵ خۆی بۆ هاورێ یانی شاخ دەبات و کتابەکانم لە چیا دەبن بە هاورێی پێشمەرگە قارەمانەکان...دایکم هەردەم وەکو دایکێکی دڵسۆز باسی شەهید

کۆچەر و شەهیدانی هاوڕێم حەیدەر کەریم ئیسماعیل{بێجان} 1951 ـ 1982 و عەبدوڵلا یونس {مەریوان} 1954 ـ 1982 و رزگار محەمەدخەلیل {هۆگر}دەکات... ئەو تێکۆشەرە لە کاتی سەختی تێکۆشاندا خۆی دەکردە ناو شار و لەگەڵ هاوڕێنانی تر دەیان داستانی قارەمانەیان لەناو شاری هەولێر و دەشت و گوندا ئەنجام داوە...بۆ زانیاری زیاتر ئەوا دەقی ئەو نووسینە دەگوازمەوە ئێرە کە لە لاپەڕەی 65 دەفتەری سەروەری مامۆستایانی کوردستان بەرگی یەکەم چاپی یەکەم 1999 ئامادەکردنی وشیار حەمەد حاجی دەربارەی مامۆستا ناسیح ئاوا نووسراوە {{ مامۆستا ناسیح دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێرە، دامەزراوە بە مامۆستا ساڵی 1971 لە گوندی شرائع و زەمار و قازیخانە ، مامۆستایەکی چالاک و قارەمان و رۆشنبیر بوو، هەر لە تەمەنی لاوییەوە دەستبەکاری سیاسی و ئەنجامدانی چالاکی دەکات ، چەندین جار گیراوە و ئازاد کراوە ، وەک مامۆستا و پێشمەرگە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات ، لە 17 لەسەر 18 ی ئایاری 1985 دەکەوێتە ناو بۆسەیەکی دار و دەستەی ئەمن و دەورەی دەگیرێت ، قارەمانانە بەرگرییەکی کەم وێنە ئەنجام دەدات و پسوولە و نهێنیەکانی خۆی دەسوتێنێت ،خۆی وا بە سانایی ناداتە دەست تا دوا گوللە بەرگری لە خۆی دەکات ، تا بە گوللەی دەمانچەکەی خۆی دەکوژێت و شەهید دەبێت و گیانی پاکی بە کوردستان دەبەخشێت. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا ناسیح...}}سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان.

فــەهــد گــردەوانی 2005/5/11ستۆکهۆڵم